ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# Some Aspects of Emanatology in Sheikh Nuri's Poems

**Inst. Azaldin Sabir Mohammed** *
**Kurdish Department, University of Kirkuk**
**E-mail: azadinsabir@uokirkuk.edu.iq**

**Keywords:**

-Emanatology
-poems
-Rhetoric
-Sheikh Nuri

**Article Info**

**Article history:**

**Received:** 1-7-2021
**Accepted:** 15-8-2021
**Available online** 23-1-2022

## Abstract

This research, titled Some Aspects of Emanatology in Sheikh Nuri's Poems, is an attempt to reveal the emanate side of the poet's poems, with the aim of explaining the subjects of meaning, defining and presenting the arts of meaning, which consists of two main parts. In the first part, specifically the first part, dedicated to rhetoric, and in the second part we discussed the term rhetoric, and the second part was dedicated to presenting the emanating subjects of Sheikh Nuri's poetry in the second part

* **Corresponding Author**: Azaldin Sabir, E-Mail: azadinsabir@uokirkuk.edu.iq
**Tel**: +9647701349226 , **Affiliation**: University of Kirkuk -Iraq

## بعض جوانب علم المعاني في قصائد الشيخ نوري

م. عزالدين صابر محمد علي
جامعة كركوك-كلية التربية للعلوم الإنسانية

| الكلمات الدالة: - | الخلاصة : |
|---|---|
| -علم المعاني<br>-البلاغة<br>-قصائد<br>-الشيخ نوري<br>**معلومات البحث**<br>**تاريخ البحث:**<br>الاستلام: ١-٧-٢٠٢١<br>القبول: ١٥-٨-٢٠٢١<br>التوفر على النت<br>٢٣-١-٢٠٢٢ | هذا البحث، بعنوان بعض جوانب علم المعاني في قصائد الشيخ نوري، هو محاولة للكشف عن الجانب النابع من قصائد الشاعر، بهدف شرح مواضيع المعنى وتعريف وتقديم فنون المعنى، التي تتكون من جزأين رئيسيين، ففي الجزء الأول، وتحديداً الجزء الأول، مخصص للخطابة(البلاغة)، وفي الجزء الثاني ناقشنا مصطلح البلاغة، وخصص الجزء الثاني لعرض المواضيع المنبثقة من شعر الشيخ نوري في الجزء الثاني |

## هەندێ لایەنی واتاناسی لە شیعرەکانی (شیخ نوری)دا

م. عزالدين صابر محمد علي

### پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (هەندێ لایەنی واتاناسی لە شیعرەکانی شێخ نووری شێخساڵەح) دا ئەنجامدراوە، بە مەبەستی دەرخستنی بابەتەکانی واتاناسی لە شیعرەکانی شاعیردا، بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی واتاناسی و پێناسەکردن و شیکرنەوەیان، هەروەها پیشاندانی توانای شاعیر لە ڕەوانبێژیدا.

هۆی هەڵبژاردنی باسەکە:

لەبەر ئەوەی بابەتی ڕەوانبێژی لایەنێکی گرنگی ڕووخساری شیعرە، هەروەها بابەتی واتاناسیش کەمترین لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە، (شێخ نووری)ش یەکێکە لەو شاعیرانەی وەکو پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و نە خراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە.

گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

کەمی سەرچاوەی پێویست بە زمانی کوردی دەربارەی ڕوانبێژی بە گشتی و واتاناسی بە تایبەتی، هەروەها کەمی لێکۆڵینەوە دەربارەی شیعرەکانی (شێخ نووری) دوو گرفتی سەرەکی بوون.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:لەم لێکۆڵینەوەدا پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی ــــــــ شیکاری)کراوە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکان.

پوختەی لێکۆڵینەوەکە:
ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام پێکهاتووە لە دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا چەمك و پێناسە و زاراوەی ڕەوانبێژی باسکراوە، لە بەشی دووەمدا واتاناسی ناسێنراوە و پاشان بابەتەکانی واتاناسی بە نموونەی شیعریی (شێخ نووری شیخ ساڵەح) ڕوونکراوەتەوە

## بەشی یەکەم :

## پاری یەکەم : چەمک و زاراوەی ڕەوانبێژی

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بگەڕێینەوە لای ئەدیبان و شارەزانی بواری ڕەوانبێژی تا لە تێگەیشتنی ئەوانەوە بزانین ڕەوانبێژی چییە.

عەلادین سەجادی بەم جۆرە پێناسەی ڕەوانبێژی دەکات و دەڵێت : (ڕەوانبێژی: بریتییە لە دەربڕینی کۆمەڵە گوزارەییەکی فراوان لە قاڵبی چەند وشەیەکی کەمدا)١، بە پێی ئەم پێناسەیەی سەجادی ڕەوانبێژی ئەوەیە کە بە چەند وشەیەکی کورت مانا و مەبەستێك بگەیەنرێ، هەروەها بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە سەجادی دەڵێت: (ڕەوانبێژی ڕوو لە سووچێك لە سووچەکانی ئەدەب دەکات،واتە ڕوو لە قسە بە هەردوو چەشنەکەیەوە –هۆنراوە و پەخشان- دەکاتەوە،ئەو هۆنراوە و پەخشانە ئەبێت بە پێی پلە تێگەیشتنیان تێدا هەبێت،ئەمانەش لەناو چوار چێوەی ڕەوانبێژیدان)٢

دکتۆر محمد ئەحمد قاسم بەم جۆرە ڕەوانبێژی دەناسێنێت: (البلاغە: ایصال المعنی الی القلب فی احسن صورە من اللفظ)٣ واتا: ڕەوانبێژی گەیاندنی باشترین مانایە بۆ دڵ،لە ڕێگەی وشەوە،لەم پێناسەیەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ڕەوانبێژی گەیاندنی مەبەستە بەو وشانەی کە دەچنە دڵەوە و کاریگەری درووست دەکەن،هەروەها دکتۆر ئەحمەد ئەمیری خوراسانی دەڵێت: (بلاغت: عبارت است از سخنی کە معنی را بە گور واچح و کامل با لفظ برگزیدە بیان کند،نقم و ترتیب در ان رعایت شود)٤ ، واتا: ڕەوانبێژی گوزارشتە لە قسەیەك کە مانا بەشێوەیەکی ڕەوان و تەواو و بە وشەی هەڵبژێردراو دەربڕێ،ڕیکخستن و ڕیزبەندی تێدا ڕەچاوبکرێ، لەم پێناسەیەوە دەگەین بەوەی هەر قسەیەك بە شێوەیەکی ڕەوان و پوخت کرابوو لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخستن و ڕیزبەندی تێدابوو، دەتوانرێ پێی بوترێ ڕەوانبێژی.

موحسین گەردیش لە بارەی ڕەوانبێژیەوە ئاوا دەدوێت: (ڕەوانبێژی:دەربڕینی مانا و مەبەستە بە وشەی ڕەوان و گونجاو لەگەڵا باری پێویستی کەسی بۆ وتراو)٥بەم شێوازەش پێناسەی ڕەوانبێژی کراوە (البلاغهُ :هی تأْدیهُ المعنی الجلیل واچحاً بعباره صحیحهٍ فصیحه)٦ واتا: ڕەوانبێژی: هێنانی مانای درەوشاوە و ڕوونە بە دەربڕینی ڕاست و ڕەوان،مەبەست لەم پێناسەیە ئەوەیە کە وشەی بەکارهاتوو ڕێك و ڕەوان بێت، (عەلی کوڕی ئەبوتالب) لەبارەی ڕەوانبێژییەوە دەڵێت: (ڕەوانبێژی: ڕوونکردنەوەی نادیارەکانە و ئاشکرا کردنی مەبەستە بە شێوەیەکی ئاسان)٧

پەخشان عەلی ئەحمەد لە نامەی ماستەرکەیدا و لە بەشێکدا بە ناونیشانی (پەیوەندی شێواز بەڕەوانبێژییەوە) دەڵێت : (ڕەوانبێژی پرۆگرام و زانستێکی تەواوە زاراوە و بەرنامەی بۆ سەدەها شێوەی دەربڕینی جۆربەجۆر هەیە)٨.

ڕەوانبێژی دەیان پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە هەر کەسێك لە ڕوانگەی خۆیەوە پێناسەی دەکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ڕەوانبێژی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنان،لە لایەکی تریشەوە ڕەوانبێژی تایبەت نییە بە زمانێك و ئەدەبی نەتەوەیەکی دیاریکراو، بەڵکو هەموو نەتەوەکانی سەرزەوی ڕەوانبێژی تایبەت بەخۆیان هەیە و هەر نەتەوەیەك بەپێی تایبەتمەندی زمانەکەی خۆی مامەڵەی لەگەڵا دەکات،لە کۆی ئەم پێناسانەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ڕەوانبێژی دەربڕینی مانایە بە وشەی ڕێك و ڕەوان و لەبار چ کاتی قسەکرندا و چ لەکاتی نووسیندا بەشێوەیەکی گشتی،بە تایبەتیش لە ئەدەبدا لە سەردەمی یۆنانەوە (ڕەوانبێژی پێکهاتەیەکی گرنگی بونیادی شیعریی بووە و کە کۆمەڵێك ڕێسای

چەسپاوی لەخۆدەگرت و پێویست بوو لەسەر شاعیران ڕەچاوی ئەو ڕێسا ڕەوانبێژییانە بکەن.)٩

دوای سەرهەڵدانی پەخشانیش بە هەردوو جۆری (پەخشانی ئەدەبی و پەخشانی زانستی) بەشێك لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە پەخشانیشدا پەیڕەو دەکرێ بە مەبەستی جوانکردنی وشە و واتا لە دەقەکاندا.

(لە زمانی عەرەبیدا وشەی (البلاغە) لە بلیغ ەوە وەرگیراوە کە بەمانای گەیشتن دێت،هەروەها بە مانای دانانی قسەی ڕێك و ڕەوان لە شوێنی خۆیدا دێت)١٠.

لە زمانی کوردیشدا وشەی ڕەوانبێژی بەکارهێنراوە کە پێکهاتووەلە هاوەڵناوی (بێژان)ە و بێژانیش هاوواتای (گوتن)ە ، لەگەڵ پاشگری (ی) ی ناوی واتایی، بەکەسی زمانپاراویش دەوترێ ڕەوانبێژ،پێکهاتەی زاراوەکە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ڕەوانبێژیی گوتن یان نووسینی قسەی پاراو و بێ گرێ و گۆڵە بە کاتی قسەکردن یان نووسیندا.

لە زمانی فارسیدا بۆ ڕەوانبێژی وشەی (بلاغت)بەکاردەهێنرێ، کە هەمان وشەی (البلاغە)ی عەرەبییە و گۆڕانێکی فۆنەتیکی بەسەردا هاتووە،ئەگەرنا هەمان زاراوە عەرەبییەکەیە و بۆ هەمان واتا و مەبەست بەکاردەهێنرێت.

**بەشی یەکەم**

**پاری دووەم : واتاناسی**

**واتاناسی ( المعاني )**

هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ، ئاماژە بەوە کراوە دەڵێن تا وەکو ئێستا بە تەواوەتی نەزانراوە ،کە کێ یەکەم کەس بووە کە لەسەر ئەم زانستەی نووسیوە، بەڵام زۆربەی ڕەوانبێژی ناسان ئەوانەی کە لە نوسینەکانیان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە گەشەسەندنی ئەم زانستە زانای گەورەی عەرەب ( الجاحظ ) ە، کە لە کتێبی ( اعجاز القرآن ) دا لەم زانستە دواوە، هەروەها زۆرێک لەو زانایانەی کە لەسەر ئەم زانستە دواون و ئاماژەیان بۆ کردووە لەوانە ( احمد الهاشمي ) لە کتێبی ( جواهر البلاغة ) و ( د.عبدالعزیز عتیق ) لة کتێبی ( علم المعاني ) و ( للشیخ امام الخطیب القزویني ) لە کتێبی ( الایضاح في علوم البلاغة ) هتد... .

ئەوەی باسیش دەکرێت چەسپاندنی بناغەی ئةم زانستە لەسەر دەستی ( عبدالقادر الجرجاني ) بووە بەوەی کتێبێکی بەناوبانگ و بەنرخی لەبارەی ئەم زانستە بەناوي ( دلائل الاعجاز ) ەوە، داناوە.

ئةگةر لة ڕووی وشەییەوە لە واتاناسی بکۆڵینەوە دەبینین، واتاناسی خۆی وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە( واتا ) و ( ناسی )، کە بە هەردووکیان چیمان بۆ ڕوون دەکةنەوە مەسەلەی شارەزابوون و تێگەیشتن و ناسینی واتا، ئەوەی باسمان کرد ئەوە دەگەیەنێ کە هەر دةقێکی ئەدەبی کە لەلایەن شاعیرەوە بێت یاخود هەر ئەدیبێك و ڕوناکبیرێك بێت پێویستی بەوە هەیە کە دبێت شارەزاییەکی باشی لە زانستي واتاناسیدا هەبێت، لە دارشتنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا وەکو کەسێکی شارەزا بتوانێت ئەم هونەرە لەگەڵ باری پێویستدا بیگونجێنێت و دووری بخاتەوە لە هەر هەڵەیەکی واتادا، چونکە واتاناسی زانستی، زانستیش بنەماو بنچینە و ئەنجامی چةسپاوی هەیە، هەموو ئەو شتەش وا دەکات ڕێگە بۆ ئەوە نەمێنێت لەکاتی دەربرینی ئەو شتەی کە لە مێشکماندا هەیە توشی هەڵە نەبێت.

هەروەها ئەوەی لەم زاستە گرنگە و هەستی پێ دەکرێت ئەوەیە، بەهۆی ئەوەی ئەم زانستە هەڵسوکەوت لەگەڵ واتا و باری پێویستدا کار دەکات ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ جیاکردنەوەی دەقی باڵا لە دەقی لاواز و نزمدا ، واتا ئەو دەقە ئەدەبیانەی کە لەڕووی واتاوە قووڵن و پێویستییان بە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر دەبێت وەك لەوەی ئەو دەقە ئەدەبیانەی کە ماناکانیان زوو بەدەستەوە دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە نابێت ئەوە لەیاد بکەین لە سەردەمانی زوودا کەسانی شارەزا و پسپۆری تایبەتی ئەو زانستانە نەبوون تاوەکو توانیبێتیان ئەم زانستە وەکو تەرازوویەك بە دەقە ئەدەبییەکان بەکاریان هێنابێت، بەڵکو دوای چەندین ساڵ لەو زاندستە

و دوای چەندین لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا ئەوکات ڕێگە خۆشــکەربووە بۆ ئەدیبان و ڕۆشــنبیران تاوەکو بتوانن سوود لەم زانستە وەربگرن.

(( لەزانســتی واتاناســیدا لەبەرئەوەی مەبەســت لێی گونجاندنی قســەیە لەگەڵ باری پێویســتدا و هەڵە نەکردنە ، تەنها لەواتای راستی ( حقیقي ) قسەکە دایە، چونکە واتای خوازەیی دوورە لەم زانســتەوە، دەبینین زانایانی ڕەوانبێژی زیاتر ڕوویان کردووەتە قســەی گەورە نوســەران و دواندەران و پیاوە بلیمەت و ژیرەکان ، بۆ داڕشتنی بنەماکانی ئەم زانستە ))[١١]. بەم شێوەیە دەبینین واتاناسی وەکو زانستێك لەلایەن زانایاني ڕەوانبێژییەوە باسکراو دەستنیشانی بەشەکانیان کردووە پێناســەی تەواویان بۆ داڕشــت، ئێمەش لەم باســەماندا ئاماژە بە هەندێ بۆچوونی ئەو زانایانە دەکەین کە گرنگیان بەم زانستە داوە و بایەخیان پێداوە دەیانخەینە ڕوو:

( خطیب قزویني ) لە کتێبی ( الایضــاح في العلوم البلاغة ) ئاماژە بە پێناســەی ( الســکاکي ) دەکات لە بارەی ناسـاندنی ئەم زانسـتە و بەمشـێوەیە پێناسـەی بۆ کردووە و دەڵێت: (( زانسـتی واتاناسـی بریتییە لە بەدواداچوونی تایبەتییەکانی پێکهاتەی قسـە و ئەو شـتانەی کە پەیوەندی بە چەمکی قسەوە هەیە، بە ئەوەی ئاگاداری ئەوە بێت دوور بکەوێتەوە لە هەڵەکردن بۆ گونجاندني قسە لەگەڵ باری پێویستدا ))[١٢] .

( محمد طاهر اللادقي ) لە کتێبی ( المبســط في علوم البلاغة ) لە پێناســیەی واتاناســی ( المعاني ) دا بەمشــێوەیە پێناســەی کردووە (( ئەو بنچینەیەیە کە وا بەگوێرەی ئەوەوە دەتوانین گونجاندنی قسە لەگەڵ باری پێویستدا بزانین، تا وەکو دەربرینەکە بەمشێوەیە بێت، کە مەبەستە و دوور بکەوێتەوە لە هەڵەکردندا ))[١٣] .

( عەزیز گەردی ) یش ، لەبارەی زانســتی واتاناســییەوە دەڵێت: (( ئەو بەشــەیە کە ئەرکی لیکۆڵینەوەی ( واتا ) دەگرێتە بەر، پەیوەندی نێوان وشە و مانا ساغ دەکاتەوە و وەڵامی هەندێ پرسیاری وا دەداتەوە کە پەیوەندییان بە مانا و مەبەست و پەیام و کاریگەری وشە و ڕستە و ئاخاوتنەوە هەیە، هەر وشەیەك چۆن بەکاربێت و لە شوێنێک بێت باشترە، پاش و پێشکردنی وشـەکان چۆن کار دەکاتە سـەر گۆڕان و جەختکردنی مانای ڕستەکە بێجگە لە مانای دروست و بەرچاوی خۆی ، چ مانایەکی تر دەگەیەنێ و چ لێکدانەوەیەکی تر هەڵدەگریت؟ وشـە لەکوێ لە کورتی ببڕێتەوە باشترە؟ ئایا ئەو ڕستەیەي کە هەیە لەگەڵ باری پێویستی گوێگردا دەگونجێ یان نا؟ ڕســتەکان لەکوێ بەیەکەوە بلکێنین و لە کوێ وە لەیەك دا ببڕێن، بۆ ئەوەی مەبەســتی قسەکەر بە تەواوی ڕا بگەیەنن ))[١٤].

( عەلائەدین ســوجادی ) یش، بەمجۆرە ئەم زانســتە دەناســێنێت و دەڵێت: (( لەم گوزارە کارییەدا ( المعاني ) بەرانبەری کردن لەگەڵ مقتضی حال بەشێکی هەرە گەورەیەتی ))[١٥]

**باسەکانی واتاناسی**

ئەم زانستەش هەروەک زانستەکانی تری ڕەوانبێژی ژمارەیەک باسی لە یەکجیای لە خۆوە گرتووە و زۆربەی ڕەوانبێژی ناســان دابەشــکردنی باســەکانی واتانســیان بە چەند شــێوەیەک دابەشکردووە و ئاماژەیان بۆ کردووە گرنگترینیان ئەمانەن: " هەواڵ ( خبر )، داڕشتن ( انشاء )، پێشخستن و دواخستن ( تقدیم و التاخیر )، تایبەتی ( القێر )، جیاکردنەوە و بەستنەوە ( الفێل و الوێل )، یەکســـانی ( المســـاواە)، کورتبڕی( الایجاز )، درێژبڕی( الاگناب ). ئێمەش لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو بەشانەی کە لە شیعری شیخ نوریدا هەست بە بوونی دەکرێت و بە نموونەی شیعری دەیخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوەکەماند.

**بەشی دووەم**

**پاری یەکەم**

١. **هەواڵ** : یەکێکە لە بابەتە سـەرەکییەکانی واتاناســی کە ئەدیبان ن بەم شـێوازە پێناسـەیان کردووە، ئیدریس عەبدوڵا لەم بارەیەوە دەڵێت:(هەواڵ: ئەو ئاخاوتنەیە کە ڕاســتی و درۆ

هەڵدەگرێت)١٦، واتا لە هەواڵەکەدا ڕەنگە هەواڵەکە ڕاست بێت یاخود ناراست !! هەواڵ ئەو قسەیەیە یان ئەو دەربڕینەیە کە لایەنی ڕاست و درۆی هەبێت و بتوانی بڵێی ڕاستە یان درۆیە، عەزیز گەردی دەڵێت: (هەواڵ:ئەو قسەیەیە یان ئەو پەیامەیە یان ئەو باسەیە کە ڕاست و درۆ بەخۆوە هەڵدەگرێ،واتا دەشێ ڕاست بێت و دەشێ درۆ بێت)١٧

بە خوێندنەوەی ئەم پێناسانە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەدیبان کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەواڵ دەبێت ئیمکانی ئەوەی تێدا بێت کە بتوانرێ بسەمێنرێ هەوڵەکە ڕاستە یان درۆیە، بە واتایەکی تر هەواڵ زانیارییەکە لە لایەن قسەکەرەوە ڕادەگەیەنرێ بۆ گوێگر و بۆ سەلماندنی ڕاست و درۆی هەواڵەکە لەگەڵ واقیع بەراورد دەکرێ.

مەبەست لە گەیاندنی هەواڵ

١.(بۆئەوەی زانیاریەك بە کەسی گوێگر یان خوێنەر بگەیەنرێکە نایزانێت،وەکو: (دوێنی چووم بۆ بازاڕ)

٢. بۆئەوەی کە بە کەسی گوێگر یان خوێنەر بوترێ کە منیش دەزانم ، وەکو ئەوەی کە بە مامۆستایەك بڵێی (تۆ مامۆستایت) لێرەدا کەسەکە خۆی دەزانێت مامۆستاسە بەڵام کەسی قسەکەر دەیەوێ بڵی منیش دەزانم (تۆ مامۆستایت .

## بەکارهێنانی هەواڵ بۆ مەبەستی خوازەیی

**١.بۆشانازیکردن:**

(حەقە ئەمڕۆ تانە بدا تانە لە ماە و موشتەری و ئەختەر

سلێمانی بە شیعری ئێوەوە ناویەتە سەر،ئەفسەر) دیوان ل ٥٥٩

لەم دێرەدا شاعیر شانازی دەکات بە شیعری نوێی شاعیرانی سلێمانییەوە، کە شیعرەکانیان هێندە جوانن دەتوانن تانە لە مانگ و خۆر و هەسارەش بدە، شاعیر ئەم شانازییەی بە شێوازی هەواڵ دەبڕیوە، هەر دوو نیوە دێری شیعرەکە دوو هەواڵی تێدایە، (تانە بدا) کەهەواڵە لەگەڵ (ناویەتیە سەر) هەواڵێکی ترە، کە بۆ مەبەستی شانازی بەکاری هێناون.

**٢.بۆ دەربڕینی بێهێزیی:**

(گێژەڵوکەی بای بەتینی پێچەوانەی ڕۆژگار

کارەساتێکی بە من کرد ئێسکی کردم بە پوار) دیوان ل ٥٦٧

لەم دێرەدا شاعیر لە ڕێگەی ڕستەی (کارەساتێکی بە من کرد) کە ڕستەیەکی هەواڵییە، بێ توانایی و بێ هێزیی خۆی پیشان دەدات، واتا مەبەست لە گەیاندنی هەواڵەکە بۆ دەرخستنی بارودۆخی خۆیەتی کە بێهێزییە.

**٢.داڕشتن:** یەکێکی ترە لە بابەتەکانی واتاسازی، چەندین پێناسەی بۆ کراوە لەوانە: پریا کسونی بەم جۆرە پێیناسەی داڕشتن دەکات (انشاو: الکلام لایحتمیل و صدقا ولا کزبا لزاتە)١٨ واتا: (ئەو قسەیەیە کە ڕاست و درۆ بەخۆوە هەڵناکرێت)

داڕشتن:ئەوەیە کە خودی واژەی دەبڕاو ڕاستی و درۆ بەخۆوە هەڵناگرێ، داڕشتن: وەدیهێنانی داواکراوێکە، تا کاتی داواکردنەکە وەدی نەهاتووە،کە وا بێت ئەو دەربڕینەیە ناشێت ڕاست یان درۆ بێت)، عەلادین سەجادیش لە کتێبی خۆشخوانیدا بەم جۆرە باسی داڕشتن دەکات (ئەڵێی ئازاد ئەو کتێبە بێنە،ئەمە ئیتر ڕاست و درۆ لەقسەکەدا هەڵناگرێ،هەر یەك قسەیە فەرمانێکە ئەڵێیت بیکە، بیهێنێت و نەیهێنێت تۆ فەرمانی خۆتت داوە)١٩

لە کۆی ئەم پێناسانەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە داڕشتن بە پێچەوانەی هەواڵەوە ناتوانین ڕاست و درۆی بسەلمێنین،چونکە لە هەواڵدا هەمیشە واقیعێك هەیە دەتوانین لە لەگەڵا هەواڵەکە بەراوردی کەین،بۆ نموونە کاتێك کەسێك دەڵێت: (ئازاد دانیشتووە) دەتوانین ئەم هەواڵە بە واقیع بپێوین، سەیری ئازاد دەکەین ئەگەر دانیشبوو ڕاستە و ئەگەر دانەنیشتبوو درۆیە، بەڵام لە داڕشتندا واقیعێکی دەرەکی بەدی نەهاتووە تا لەگەڵ ناوەڕۆکی قسەکە بەراوردی بکەین، بۆ نموونە کە دەڵێین (ئازاد دانیشە) لێرەدا ناتوانین بڵێین درۆیە یا ڕاستە، چونکە داواکاریەك لە

ئازاد کراوە تا کاتی داواکردنەکە هیچ واقیعێك لەبەردەســـت نییە تا لەگەڵ ناوەڕۆکی قســـەکە بەراورد بکرێ،کردن و نەکردنی کارەکە پەیوەستە بە ویست و ئیرادەی داوالێکراوەوە.

**جۆرەکانی داڕشتن**

**١.فەرمان** : ئەم هونەرە پێناســـەگەلێکی جۆربەجۆری بۆکراوە ، فەرمان:ئەوەیە داواکار لە ڕووی دەســـەڵاتەوە داوا لە گوێگر بکات هەڵ بســـتێت بە ئەنجامدانی کارێك واتا کەســـێك داوادەکات کارێك لەلایەن کەسێکی ڕەوە بەئەنجام بگەیەنرێت.

عەزیز گەردی دەڵێت: داخوازی (فەرمان) ئەوەیە: داوای شـتێکت لێ دەکات کە حانی داواکەدا هێشتا نەبووە)٢٠.

(هو ما يستدعى مگلوبا، غير حاصل وقت الگلب)٢١ واتا (داواکردنی داوایەکە کە هەتا کاتی داواکردنەکە جێبەجێ نەبووە

لەم پێناســـانەوە ئەوە دەرکەوێت کە فەرمان بە شـــێوەیەکی گشـــتی بریتییە لەوەی کە کەســـی قســـەکەر داوا لە گوێگر دەکات کە کارێك ئەنجام بدات، کە ئەمەش پێی دەوترێ داخوازی ڕاســـتەوخۆ یان فەرمانی ڕاســـتەوخۆ،چونکە کەســـی گوێگر پابەنددەکات بەنجام دانی کارێك،کەسی گوێگریش بەپێی ویست و ئیرادە و بارودۆخ مامەڵە لەگەڵا داواکە دەکات.

**بەکارهێنانی فەرمان بۆ مەبەستی خوازەیی**

**١.بۆ نائومێدی**:

(بگری ئەی شاعیری ناتەوان بگری

مرد لە ڕۆحی منا هەموو ئامال) دیوان ل ٤٣١

لەم دێرەدا شـــاعیر لە ڕێگەی فرمانی داخوازیی (بگری)یەوە ڕادەی بێ ئومێدی خۆی لە ژیان پیشان دەدات.

**٢.بۆ ناخۆشی**:

(هەڵکەنن حزمینە بۆم،قەبرێ لە دووری شارەوە

بم خەنە نـــاوی بەکـــۆڵێ زەحمـەت و زینهارەوە) دیوان ل ٤١٨

لەم دێرەدا هەردوو فرمانی داخوازیی (هەڵکەنن) لەگەڵا (بم خەنە ناوی) بۆ پیشـاندانی هەسـتی ناخۆشـی بەکارهاتووە، بێگومان ئەگەرباشـتر سـەرنج بدەین دەبینین (ب) داخوازی لە کاری (هەڵکەنن) دەرنەکەوتووە، ئەمیش بۆئاسان دەربڕینە .

**٣.بۆ شانازی**:

(تەماشای لاپەڕەی ژین کەن، نییە جێی نوختەیە خاڵی

لەبەر ئەشعاری تازەی شاعیران ئەمسەر هەتا ئەو سەر) دیوان ل ٥٥٩

لەم دێرەدا شاعیر لە ڕێگەی فرمانی داخوازیی (تەماشاکەن) دەیەوێت هەستی پڕ شانازی خۆی دەربخات بە رانبەر ڕۆژنامەی (ژین) و ئەو شیعرانەی کە تێیدا بڵادەکرانەوە.

**٢.نەهێشـــتن**: یەکێکی ترە لە بابەتەکانی داڕشـــتن و بە شـــێوازی جیا جیا لیکدراوەتەوە ، نەهێشـتن ، داوای وازهێنانە لە کارێك لە ڕووی بەرزییەوە، هەروەها داوای نەکردنی کارە لە ڕووی دەسەڵاتەوە،داواکەش ئەرك بێت بۆ داوا لێکراو

علی جارم لە بارەی نەهێشتنەوە دەڵێت : (النهی: يگلب عدم انجاز شئ ما)٢٢ واتا:داواکردنی وازهێنانە لە شتێك.

لەم پێناســـانەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە نهێشـــتن داوای وازهێنانە لە ئەنجامدانی کارێك،لە کاتێکدا کە فەرمان داوای جێبەجێ کردنی کارێکە،کاتێك دەوترێ (هاوڕێ وانەکە بنووســـە) لێرەدا داوای ئەنجامدانی کارێکی لێکراوە، بەڵام کاتێك دەوترێ (هاوڕێ کتێبەکەت ون نەکەیت) لێرەدا داوای نەکردنی کارێکی لێکراوە کە ئەویش ون نەکردنی کتێبەکەیەتی.

بەکارهێنانی نهێشتن بۆ مەبەستی خوازەیی

**١.پیاهەڵدان:**

(لێم مەشارەوە گەوهەری ڕازت

ڕۆح چاوەڕوانە بۆ غەمزە و نازت) دیوان ل ٢٨٢

لەم دێڕەدا شاعیر نەهێشتنی بەکارهێناوە لە ڕێگەی (لێم مەشارەوە)، کە مەبەستی لەم بەکارهێنانە بۆ پیاهەڵدان و وەسفکردنە.

**٢.بۆ ئاگادارکرنەوە:**

(وریابە بێ دڵی، دڵی ساحێب دڵان نەکەی

ئاهی ئەگاتە عەرشی دوعای موستەجابە دڵ) دیوان ل ٢٨٨

لەم دێرە شاعیر نەهێشتنەکەی بریتیە (نەکەی) کە بە مەبەستی ئاگاردارکرنەوەی کەسی گوێگر یان خوێنەر بەکاری هێناوە.

**٣.بۆ ئامۆژگاری:**

(بەخۆشی و غەمی ئەم ئاسیبە تەفرە مەخۆ

کە هەر وەها بووە ئەوزاع و چەرخ و دەورانی) دیوان ل ٣٥٨

لەم دێڕەدا نەهێشتن بەکارهاتووە لە ڕێکەی فرمانی (تەفرەمەخۆ) کە مەبەست لێی ئامۆژگاریکردنی کەسی گوێگر یان خوێنەرە.

**سێیەم:.پرسیار**: پرسیار بریتیە لەوەی داوای نەزانینی شتێکە کە داواکار پێی نەزانێ پریا کسونی لە بارەی پرسیارەوە دەڵێت: (هو گلب العلم بشيو لم یکن معلوما من قبل)٢٣ واتا داوای زانینی شتێکە کە پێشتر نەزانراو بووە.

لەم پێناسانەوە دەردەکەوێت کە پرسیار ئەوەیە کەسی قسەکەر پێویستی بە زانیاریەك هەیە و سەرچاوەی زانیاری کەسی گوێگرە، بەپێچەوانەی هەواڵەوە کە سەرچاوەی زانیارییەکە کەسی قسەکەرە،پرسیاریش بە دوو شێواز دەکرێ، شێوازێکیان وشەی پرسی تێدا بەکاردێت،وەکو(کەی،چۆن،بۆچی،کێ،لەکوێ..هتد)،وەکو: (ئەوان کەی ڕۆیشتن؟).

شێوازی دووەمیش لە ڕێگەی ئاوازەوە و بەبێ وشەی پرس،وەکو: (ئەوان هاتنەوە؟).

بەکارهێنانی پرسیار بۆ مەبەستی خوازەیی

**٢.بۆ ناخۆشی:**

(لە فوارەی دڵا لەبەرچی خوێنی گەش نەڕژێتە سەرچاوم؟

لەبەرچی سورنەبێ داوێنی بەدبەختی بە خوێناوم ؟) دیوان ل ١١٩

لەم دێڕەدا شاعیر لە رێگەی بەکارهێنانی وشەی پرسی (لەبەرچی)یەوە، هەستی ناخۆشی خۆی دەردەبڕێت.

**٣.بۆ ستایشکردن**

(دێتە بیرت هەر تەنیا تۆ لە پەردەی سینەما؟

سینەمابووی لەوێیا غەیری تۆ سیما نەبوو دیوان ل ٥٣٢

لەم دێڕەدا شاعیر لە ڕێگەی ئاوازەوە پرسیاری درووستکردووە، کە ئەویش ڕستەی پرسی (دێتە بیرت؟) کە بە مەبەستی ستایش کردن و پیاهەڵدان نووسیویەتی.

**٤.بۆ ئامۆژگاری:**

(چیلکە چییە؟با کورتەکی سەوزی بە بەراکەی

گەر عاقڵی لەم ژینە بێ قیمەتە لادە دیوان ل ١١٢

لەم دێڕەدا شاعیر وشەی پرسی (چی) بەکارهێناوە و مەبەستی کۆی دێڕەکەش بۆ ئامۆژگاریکردنە.

**چوارەم:.خۆزی**: یەکێکی ترە لە بابەتەکانی دارشـــتن، د.عەزیز گەردی لە بارەی خۆزییەوە دەڵێت: (داوای هاتنە دی یان کردنی شـتێکی ئازیز و خۆشـەویسـتە،کە بوونەکەی لەوانە نەبێت بێتە دی،یا قسەکەر بڕوا وابێت دێتە دی ئەوەلە خۆزی دەشۆرێ و دەبێتە هێڤی)٢٤،

کەواتا ! خۆزی داوای بەجێهاتنی شتێکە یان لە ڕابردوودا لە دەست چووە و ناگەڕێتەوە یان لە داهاتوودا هەرگیز بەدەست نایەت.

سەد خۆزگە بەو ڕۆژە کە نەم بیستبوو ناوت

نەم چێشتبوو تامی مەیی مەیخانەی چاوت    دیوان ل ٢٣٦

لەم دێرەدا شـــاعیر خۆزگە بە ڕۆژانی ڕابردوو دەخوازێت کە ناوی یاری نەبیســـبوو، بە چاوەکانی مەســـتی نەکردبوو، ئەم (خۆزی)یەش ئاواتخواســـتنێکە بۆ ڕابردوو، کە هەرگیز ناگەڕێتەوە پێش ناسینی یار.

کاشکێ پێش ئەو بوومایە بەخاك

نەم دیایە بنوێ لە خاکا غەمناك    دیوان ل ٥١٤

لەم دێرەشـــدا شـــاعیر ئاوات بەوە دەخوازێت کە پێش مردنی کەســـێك ئەم بمردایە، ئەمەش خۆزییەکی بەدینەهاتووە

**بەشی دووەم**

**پاری دووەم**

**٥. بانگکردن**

بانگکردن! داواکردنی دوێنەرە لە گوێگر بۆ وریا بوونەوە و گوێرایەڵی یان ڕوولێوەکردن بیســـیونی عبدالفەتاح ســـەبارەت بەبانگکردن دەڵێت: (بانگکردن:داوای بەرەو ڕوو هاتنی بانگکراوە،ئەمەش جۆرێکی ئاشکرای دارِشتنی داخوازییە)٢٥

لەم پێناســـانەوە دەگەین بەوەی کە بانگکردن لە نێوان کەســـی قســـەکەر(بانگکەر) و کەســـی گوێگر(بانگکراو)دایە،کە کەســـی بانگکەر،بە هۆی یەکێك لە ئامرازەکانی بانگکردنی وەکو: (ئەی،هۆ،هەی،ئا،ئەرێ،ئادەی،ە،..هتد) یان بە هۆی ئاوازی ڕستەوە بانگی کەسێك دەکات بۆ وریا کردنەوە و بەئاگاهێناوە،یان بۆ ئەنجامدان یان بۆ ئەنجامنەدانی کارێك.

وەکو: (ئادەی ئازاد وەرە بۆ ئێرە) لەم ڕســـتەیەدا بانگکردن بە مەبەســـتی ئەنجامدانی کارێکە، بەڵام کاتێك دەوترێ (ئەرێ ئازاد لەگەڵا تۆمە) لێرەدا بانگکردن بە مەســـتی بەئاگاهێنانەوە بەکارهاتووە.

بانگکردن بۆ مەبەستی خوازەیی

**١.بۆ راز و گلەیی:**

(ئەی چەرخ لەگەڵا ناکەس ئەبینم کە ڕفیقی

بۆ تیری جەفا سەد کەست کردووەتە نیشانە   دیوان  ل ٢٩١

لەم دێرەدا شاعیر لە ڕێگەی ئامرازی بانگکردنی (ئەی)یەوە چەرخی فەلەك دەدوێنێت و گلەیی ئەوەەی لێدەکات کە لەگەڵا ناکەس واتا کەســـی خراپ و هیچ لە بارانەبوو بوویت بە هاوڕێ و چەندین کەسی باشیشیت کردووە بە نیشانەی تیری زوڵم و بێرەحمی.

**٢.بۆ ستایشکردن:**

(ئەی سەبا پەیکی خەیاڵاتی ئەدیبان

ئەی میروەحەی فێنکی دڵی سووتاو دیوان   ل ٣٢٣

لەم دێرەدا شاعیر ئامرازی بانگکرنی (ئەی) بەکارهێناوە، بە مەبەستی دواندنی بای سەبا و لەو ڕێگەیەوە وەسف و ستایشی بای سەبا دەکات، کە چۆن ئەم بایە مژدەبەخش و فێنککەرەوەی دڵە سووتاوەکانە

**شەشەم: پێشخستن و پاش خستن**

ئیدریس عەبدڵا لە بارەی پێش خستن و پاشخستنەوەە دەڵێت: (پێشخستن:بریتییە لە پێشخستنی ئەو بەشەی کە لە ڕستەدا هەقی پاشخستنی هەیە،دواخستنیش بریتییە لە دوا خستنی ئەو بەشەی کە لە ڕستەدا هەقی پێشخستنی هەیە)٢٦. پێشخستن و پاشخستن لەم چەند حاڵەتێکدایە، لەوانە:

١.**پێشخستنی فەرمان و دواخستنی بکەر**:

(شکایەت کەم لە ئەبرۆی دڵ کەشی،یا چاوی خوێنخواری
بڵێم چی من؟ لە تەئسیراتی زوڵف و خەت و خاڵ ئەمڕۆ دیوان ل ٤٠٤

لەم دێڕەدا شاعیر لە ڕستەی (بڵێم چی من؟)، بکەری بردووەتە کۆتایی ڕستەکە کە لە بنەڕەتدا شوێنی بکەر سەرەتای ڕستەیە، هەروەها کرداری هێناوەتە سەرەتای ڕستەکە کە شوێنی کردار کۆتایی ڕستەیە لەبنەڕەتدا، واتا ڕستەکە بەم شێوازە (من چی بڵێم؟).

٢.**پێشخستنی گوزارە و دواخستنی نیهاد**:

(درەخشانە بروسکەی هەوری ئەمڕۆ
وەکو ئاهی دڵی شەو زەندەداران دیوان ل ٤٠٦

لە نیوەدێری یەکەمی ئەم بەیتەدا(درەخشانە بروسکەی هەوری ئەمڕۆ )،گوزرارە هێنراوەتە سەرەتای ڕستە کە لە بنەڕەتدا دەبێت لە کۆتایی ڕستەدا بێت، هەروەها گوزارەش براوەتە کۆتایی کە دەبێت لە سەرەتای ڕستەدا بێت، واتا دەبێت بەم شێوازەبێت (بروسکەی هەوری ئەمڕۆ درەخشانە)

**حەوتەم : شێوازەکانی دەربڕین**

١.**تایبەتکردن**: موحسین گەردی دەڵێت: (تایبەتکردن: ئەوەیە شتێك بە شتێکی تر تایبەت،بەچەند ڕێگەیەکی دیاریکراو)٢٧ .

ڕێگاکانی تایبەتکردن:

١.بە ئامارازەکانی نەرێکردن، وەکو: (نە،نەخێر،نا..هتد).

٢.بە ئامرازەکانی جیاکردنەوە، وەکو: (بیجگە،بەبێ،جگە،غەیر..هتد).

٣.لە ڕێگەی هەندێ وشەی وەکو: (هەر،تەنیا،بەس..هتد).

٤.لە ڕێگەی پاش و پێش کردن.

(نییە، نیشانەی حیسێ، کە پێی دەڵێن ویجدان
وەیا شعورێ کەوا ناوی لێنراوە زەمیر دیوان ل ٣٦٨

لە نیوە دێری یەکەمدا بە ئامرازی نەرێی (نیە) ناوی (ویجدان) تایبەت کراوە

(غەمی زەمانە وەکو پەردە،وا دڵی پۆشیم
بە غەیری غوسسە و گریان و خەم،نەما خۆشیم دیوان ل ٣٩٠

لە نیوە دێرێ دووەمدا هەر دوو ناوی (غوسسە و گریان) بە وشەی (غەیر) تایبەتکراوە

٢.**یەکسانی**: یەکێکی ترە لە جۆرەکانی شێوازی دەربڕین، دەوترێت یەکسانی بریتییە لە : ( دەربڕینی مانا و مبەستە بە واژەی یەکسان)٢٨ ،

لەم پێناسەیەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەرکاتێك وشەکان هاوڕێکی واتاکە بوون بێ زیاد و کەم ئەوا دەبێتە یەکسانی، یان بە واتایەکی تر بەقەدر یەکبوونی وشە و مانا بریتییە لە یەکسانی.

(ساقیا مەی بێنە تێکەلابەزمە بە یادی نەوبەهار
لالە و ڕیحان،گولأ و نەسرین لەگەلأ یەك بوونە یار دیوان ل ٤٠٨

لەم دێڕەدا وشە و واتاکان هێندەی یەکن، چونکە بە بێ ئەوەی هیچ کەرستەیەك لابرێ یان زیاد بکرێ وشەکان دەربڕی مانای پڕاوپڕی خۆیانن، بۆیە بابەتی واتاناسی لەم دێڕەدا بریتییە لە یەکسانی

**٣.کورتبڕی**: بە شێوەیەکی گشتی کورتبڕی ئەوە کە بە شێوەیەکی کورت و پوخت مانا ومەبەست بخرێتە ڕوو، عەزیز گەردی لە بارەی کورتبڕییەوە دەڵێت: (کورتبڕی لە

ڕەوانبێژیدا ئەوەیە کە مانای زۆر بە وشـــەی کەم دەربېڕرێ)٢٩، لەم پێناســـەیەی عەزیز گەردییەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە کورتبڕی گەیاندنی مانایەکی زۆرە بە چەند وشـــەیەکی کەم، موحسـین گەردی دەڵێت: (کوتبڕی: خەسـتکردنەوەی مانایە لە چەند وشـەیەکی کەمدا) ٣٠، لەم پێناسەیەوە ئەوە دەردەکەوێت کە کورتبڕی بریتییە لەوەی کە مانا و مەبەست لە چەند وشەیەکدا چڕبکرێتەوە، لە کۆی ئەم پێناســـانەوە دەگەین بەو ئەنجامەی کە کورتبڕی کاتێك درووســـت دەبێت کە مانایەکی زۆر لە چەند وشەیەکی کەمدا کۆبووبێتەوە، کورتبڕی دوو جۆری هەیە:

١.**کورتبڕی تایبەت:** ئەوەیە کە بەبێ لابردنی هیچ کام لە کەرەستەکانی ڕستە درووست دەبێت

(وریابە بێ دڵی، دڵــی ساحێب دڵان نەکەی
ئاهی ئەگاتە عەرشی دوعای موستەجابە دڵ      دیوان ٣٨٨

واتا: ئاگاداربە دڵی ئەو کەسانە نەشکێنیت کە ئەهلی دڵن، چونکە ئەم خاوەن دڵانە دڵێکی گەورە و میهرەبانن و ناسکن، ئەگەر بێتو دڵیان بشکێنیت ئەوانیش دوعات لێ بکەن، دوعاکەیان دەگاتە عەرش و لە لایەن خودای گەورەوە وەڵام دەدرێنەوە.

دەبین شاعیر ئەم مانا بەرز و فرانەوەی لە چەند وشەیەکی کەمدا کۆکردووتەوە، ئەمەش دەبێتە کورتبڕی تایبەت، چونکە پەنای نەبردووە بۆ لابردنی هیچ کام لە کەرەستەکانی ڕستە.

٢. **کورتبڕی بە لابردن**: ئەوەیە کە بۆ مەبەســـتی کورتکردنەوە و بە هێزکردنی مانا یەکێك لە کەرەستەکانی ڕستە لاببرێ، وەکو:

١.**لابردنی ئەوزاری لێکچواندن**

(بۆ گوڵی باخی جەمالت، ڕۆحی شیرین بولبولە
بۆ چرای ڕووخسارەکەت، سووتا دڵی پەروانەکەم   دیوان ٣٨٩

لە نیوە دێڕی یەکەمدا هونەری لێکچواندن هەیە کە (ڕۆح) چوێنراوە بە (بولبول)، واتا (ڕۆح) لێچووە و (بولبول) لەوچووە، بەڵام ئەوزاری لێکچواندن کە بریتییە لە وشـــەی (وەك) لابراوە، بەمەبەستی کورتبڕی.

٢. **لابردنی دیارخەر**

(هەر مورغێ فڕی بۆ چەمەنستانی خەیاڵی
ئاگاتە ئەوێ، تێك ئەشکێ شـــاپەڕی باڵی      دیوان ل ٣٩٦

لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (یار) کە دیارخەری ناوی (خەیاڵ) لابراوە، بەمەستی کورتبڕی، واتا لە بنەڕەتدا بەم جۆرەیە (هەر مورغێ فڕی بۆ چەمەنســـتانی خەیاڵی یار)، بەڵام شـــاعیر وشەی (یار)ی لابردووە و لە هەمان کاتدا مەبەستەکەی بە ڕوونی گەیاندووە.

٣.**لابردنی بکەر**

(دەمێکە مەیلی لای یاران ئەکەم
تاســەی دیدەنی نازداران ئەکەم   دیوان ل ٣٩٩

لە نیوە دێرەدا جێناوی ســـەربەخۆی (من) کە ئەرکی بکەرە بەمەســـتی کورتبڕی لابراوە ، لە بنەڕەتدا بەم جۆرەیە (من دەمێکە مەیلی لای یاران ئەکەم.

## ٤.درێژبڕی

ئەوەیە کە وشـــەکان زیاتر بێت لە مانای بنەڕەتی، عەزیز گەردی لە بارەی درێژبڕییەوە دەڵێت: (درێژبڕی پێچەوانەی کورتبڕییە، ئەوەیە کە وشــەکان لە ماناکە زیاتربن)٣١درێژبری: ئەوەیە کە وشە زیاتر بێت لە مەبەستی بنجی،ئەمەش بۆ گەیاندنی سودێك

لەم پێناسـەیەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە درێژبڕی ئەوەیە وشـەیەك یان چەند وشـەیەك ڕسـتەیەك بەکار بهێنرێ، کە بەبێ ئەم بەکارهێنانەش مەبەسـتە بنەڕەتییەکە گەیشـتبێت، کەواتە درێژبڕی پێچەوانەی کورتبڕییە، لە کورتبڕیدا مانا زۆر لە ڕێگەی وشـــەی کەمەوە دەگەیەنرێ، بەڵام لە درێژبڕیدا مانای کەم لە ڕێگەی وشەی زۆرەوە دەگەیەنرێ.

(پەشێوی پەرچەمی شۆخێکی بێ پەراو و بێ باکم

موحەقەقمە کە مردم، بێ گوناه،لایوسئەل و پاکم   دیوان ل ٣٩٥
لەم دێرەدا شاعیر وشەی بێباکی بە مەبەستی درێژبڕی بەکارهێناوە، چونکە وشەی پێش ئەوە کە (بی پەروا)یە هەمان مانا و مەبەستی بێ باك دەگەیەنێت، واتا ئەگەر وشەی (بێباك)یشی بەکارنەهێنابا مەبەستەکە گەیشتبوو، بەڵام کە بەکاریشی هێناوە سودێك دەگەیەنێت و ماناکە زیاتر لای گوێگر دەچەسپێت

## ئەنجام

١_ هۆنیار هەروەکو چۆن شارەزاییەکی باشی لە هونەرەکانی جوانکاری و ڕونبێژی هەبووە ، بەهەمان شیوە ئاگادارو شارەزایەکی باشی هونەرەکانی واتاناسییە ، بەو پەڕی تواناوە واتا ناسی لە هۆنراوەکانیدا بەکار هێناوە .

٢_ هۆنیار هونەرەکانی ( فەرمان – نەهێشتن – پرسیار کردن – خۆزی – بانگکردن –پاش و پێش خستن –تایبەتکردن –یەکسانی – کورت بڕی – دریژبڕی ) لە شیعرەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە

٣- هۆکاری بەکارهێنانی سەرجەم هونەرەکانی ڕەوانبێژی (جوانکاری-ڕونبێژی – واتاناسی)،لەهۆنراوەکانی هۆنیاردا ،دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هۆنیار شارەزاییەکی تەواوی لەو بوارانە هەبووە و هەرخۆشی ڕەخنە گرێکی دیاری ئەو بوارە بووە .

**پەراویزەکان**


١.علاءالدین سجادی،خۆشخوانی،چاپی یەکەم،چاپخانەی مەعاریف،بەغداد،١٩٧٨،ل٧

٢. .علاءالدین سجادی،خۆشخوانی،ل٦

٣.الدکتور محمد احمد قاسم،علوم البلاغە،الطبعة الاولی،المؤسسە الحدیثة للکتاب،لبنان،٢٠٠٨،ص١١

٤.دکتر احمد امیری خراسانی،سهم ایرانیان در تکامل و تحول علم بلاغت،پژوهشنامه نقد ادبی،دوره١،شماره١٣٩١،١،ص٦

٥.بەهاری ڕەوانبێژی،موحسین ئەحمد مصطفی گەردی،٢٠٠٨،ل١١

٦.علی بن نایف الشحود ، الخلاصه فی علوم البلاغه،ص٢٣

٧. زانا یاسین عبید،هونەری جوانکاری لە شیعری حەمدی دا، ،نامەی ماستەر،ل٨

٨. پەخشان عەلی ئەحمەد،شیوازی شیعری گوران،چ١،چاپخانەی رەنج،سلیمانی،٢٠٠٩،ل٥٣

٩..علی الجارم و مصطفی أمین، البلاغةُ الواضحة، ص١٠

١٠.زانا یاسین عبید،هونەری جوانکاری لە شیعری حەمدی دا، ،نامەی ماستەر،ل٨

١١. بەهاری ڕەوانبێژی،موحسین ئەحمد مصطفی گەردی،٢٠٠٨،ل١٧

١٢.دکتر حسین  لفته محاضرات البلاغه (علم معانی) ص٢

١٣.عەزیز گەردی،ڕەوانبێژی،بەرگی سێیەم،چاپی یەکەم ،چاپخانەی کاکەی فلاح،سلێمانی،١٩٧٩،ل٨

١٤.سایتی http://www.donbelid.com/?p=328    Donbelid))

١٥.د.بسیونی عبد الفتاح فیود،علم المعانی،الطبعه الرابعه،مؤسسە الختار للنشر و التوزیع،قاهره،٢٠١٦،ص٤١

١٦.لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شـــیعری کلاســـیکی کوردیدا،د.ئیدریس عەبدوڵا،بڵاوکراوەی ئەکادیمای کوردی،هەولێر،٢٠١١،ل٢٥

١٧.عـەزیز گـەردی،ڕەوانبێژی،بـەرگی سـێیەم،چـاپی یـەکـەم ،چـاپخـانـەی ککـەی فلاح،سلێمانی،١٩٧٩،ل٨

١٨. احمد الهاشمی ،جواهر البلاغه العربیه،مکتبه التجاریه الکبری ،مصر،ط١٢،ص١٩٦٠،٤٥

١٩ - علاوالدین سجادی،خۆشخوانی،چاپی یەکەم،چاپخانەی مەعاریف،بەغداد،١٩٧٨،ل٢٤

٢٠.عـەزیز گـەردی،ڕەوانبێژی،بـەرگی سـێیەم،چـاپی یـەکـەم ،چـاپخـانـەی ککـەی فلاح،سلێمانی،١٩٧٩،ل٢٩

٢١.علم المعانی،.عبد الزیز،عتیق،الطبعه الاولی،بیروت-لبنان،٢٠٠٩،ص٧٠

٢٢.علی جارم،البلاغه الواضحه،دار المعاریف،ص١٨٤

٢٣. پریا کسـوتی، علم المعانی، محاضـرة فی کلیه الاداب، کلیه الاداب بلجامعه سـونن أمبیل الإسلامیه الحکومیه،ص٩٣

٢٤-عـەزیز گـەردی،ڕەوانبێژی،بـەرگی سـێیەم،چـاپی یـەکـەم ،چـاپخـانـەی ککـەی فلاح،سلێمانی،١٩٧٩،ل٤٣

٢٥.بیسیونی عبدالفتاح فیود،علم المعانی ،ط٣،مووسسه موختار قاهره،ص٢٠١٠،٦٧

٢٦.لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شـــیعری کلاســـیکی کوردیدا،د.ئیدریس عەبدوڵا،بڵاوکراوەی ئەکادیمای کوردی،هەولێر،٢٠١١،ل٧٩

٢٧.بەهاری ڕەوانبێژی،موحسین ئەحمد مصطفی گەردی،٢٠٠٨،ل٧٢،

٢٨.علی بن نایف الشحود، الخلاصه فی علوم البلاغه،ص٨٧

٢٩. عـەزیز گـەردی،ڕەوانبێژی،بـەرگی سـێیەم،چـاپی یـەکـەم ،چـاپخـانـەی ککـەی فلاح،سلێمانی،١٩٧٩،ل٦٧

٣٠.بەهاری ڕەوانبێژی،موحسین ئەحمد مصطفی گەردی،٢٠٠٨،ل٨٧

٣١. عـەزیز گـەردی،ڕەوانبێژی،بـەرگی سـێیەم،چـاپی یـەکـەم ،چـاپخـانـەی ککـەی فلاح،سلێمانی،١٩٧٩،ل٧٥

## Sarchawa kurdeakan

1-azad abdlwahed,dewane shex noore shex salh,barge 1,chpy1,chapxanae aras,hawler,2008

2-Aedres abdula,laeana rawanbhzheeakan la sheare kurde banmunae hamde u hage kadr

3-paxshan ale ahmad,shewaze sheare goran,ch1,Rang,slhemany,2009

4-Azez garde,Rawan bezhe,barge3,ch1,chapxanae falah,slemany,1979

Alaadeen sagade,xosh xwany,ch1,chapxanae maairef,bagdad,1987 ٥،

Muhsen ahmad Mustafa,bahare rawanbhzhe,ch1,Naren,hawler,2013٦ -

7-Zana yasen, jwankare la sheare hamde,namae master,zankoy raparen,2016

Sarchawa Arabeakan

1-Ahmed al hashme , jawaher albalaxat alArabea,taabat12,maktabat altgarat alkubra,msr,1960

2-Besene abdlfatah fenud,Alm al mane,t4,muasasatmuxtar,qahera,2016

3-Ale bn naef alshhuth,alxulasat fe alum albalaxa,t3,lubnan,1997
4-Ale jarm u Mustafa amen,albalaghat al wazha,t11,dar almaairef,1969
5-Ale salum ,balaghat al arab,dar almawasm,baerut,t2,2004
6-Muhamed ahmed kasem,alum balaght,t1,muasasat al hadesa lktab,lubnan,2008
Sarchawa farese
1-Ahmed amery xurasany,sahm aeranean dr takamul u thawl alum balagha ,pzhuhshnama naqd adabe, door 1,shmara1391
Saete anternet 1- Donbelid) (http://www.donbelid.com/?p=328